کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشرەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووهەم، ژمارە ٣٩٩، نیوەی ئەوەلی سەرماوەز ١٣٩٧نوامبر-٢٠١٨

سەروتار

## لە پیناوی بەدیلی سۆسیالیستی بو دواروژی ئیران

ئەم ڕاستییە دۆست و دوژمن بە ڕوونی دەیبینن کە هاوسەنگی هێزی نێوان کۆماری ئیسلامیی و جەماوەری بێبەش و ستەم دیتوی کۆمەڵگا، بە قازانجی بەرەی خەڵک گۆڕاوە. لە لایەکەوە ڕژیم ستراتێژیەکی ڕوونی بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ئەو قەیرانانەدا نییە کە بەرەوڕووی بۆتەوە و لە لایەکی دیکەوە بەکارهێنانی هێزی سەرکوتی ڕژیم، خەڵکی ناڕازی چاوترسێن ناکات. ئەم ئاڵوگۆڕەش لە شەوێکدا ڕووی نەداوە و بەرهەمی کێشمەکێشێکی دوور و درێژە لە گۆڕەپانە جۆراوجۆرەکانی خەباتی سیاسی و چینایەتی لە ئێران. ئەگەر لە مانگی بەفرانباری ڕابردوو بەملاوە ئەم ئاڵوگۆڕانە تا ئاستێک هەست پێ دەکرا، ئێستا بووەتە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر. گەلێک کەس لە هەمان کاتدا کە ئەم ئالوگۆڕە قەبووڵ دەکەن، بەڵام پێیان خۆشە کە گرێبدەنەوە بە گوشارەکانی ئەمریکا و سزا ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە. لایەنگرانی ئەم ئەرزیابیە نا دروستە، ئەوەی کە لە قوڵایی ئەم کۆمەڵگایەدا لە ئارا دایە نای بینن یان لە ڕاستیدا نایانەوێ بیبینن. با لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم هەڵسەنگاندنە زیاتر شیبکەینەوە. ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامیی دەستی لە ناوەندەکانی قەیرانی ناوچەیی، وەک سوورییە، لوبنان، فەلەستین و یەمەن و شوێنەکانی دیکەدا هەیە و سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکاش ئەوەیە کە ئەم ڕۆڵە بەرتەسک کاتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ناوەندی بڕیاردان لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە کلیلی ئارامی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەدەست کۆماری ئیسلامیدا نییە. هەم دەوڵەتی ئەمریکا و هەم کۆماری ئیسلامیی هەرکامەیان بە هۆکارێک سەبارەت بە دەور و نەقشی کۆماری ئیسلامیی لە کانونەکانی قەیرانی ناوچەییەدا لەوەی کە هەیە گەورەتر دەکەنەوە. ئەوان دەزانن کە گەورەتر نیشاندانی دەوری ئێران لە لایەن ئەمریکاوە، لە عەینی حاڵدا ئامرازێکە بۆ ترساندنی دەوڵەتانی عەرەبی و گێڕانەوەی دۆلارە نەوتییەکان بۆ خەزێنەی ئەمریکایە و هەروەها بۆ بوار خۆش کردن بۆ میلیتاریسم ئیسرائیل و سەرکوتی زۆرتری خەڵکی فەلەستین. بەڵام گۆشارەکانی دەوڵەتی ئەمریکا هاوکات هەم لەسەر کۆماری ئیسلامیی قورسایی دەکات و هەم لەدژی زۆربەی خەڵکی ئێرانیشە.

تا ئەو جێگایەی کە پێوەندی بە کۆماری ئیسلامییەوە هەیە هەر ئەو جۆرەی کە ئاماژەی پێدرا، ئامانجی ئەم گوشارانە بەرتەسک کردنەوەی ئاستی زێدەخوازی "نەک سەهم خوازی" ڕژیم لە ئاستی ناوچەکەدایە و ڕەچاو کردنی ئەم گوشارانە تا ئێستاش ئاکامێکی بەرچاوی هەبووە. وەک نمونە، کۆماری ئیسلامیی خەریکی پاشکەشەیە لە سوورییە. ئەگەر لە سوورییە ڕژیمی بەشار ئەسەد لەسەر کارە، کۆماری ئیسلامیی نەخشێکی بێجگە لە پەڕاوێزی دەوری ڕووسییەدا نەگێڕاوە. لە فەلەستین پارەکانی قەتەر جێگای دروشمە بێ ناوەڕۆکەکانی کۆماری ئیسلامیی گرتووتەوە. لە عێراق و لە ئەفغانستان، کۆماری ئیسلامیی و ئەمریکا بە کردەوە بە یەکەوە هاوکاری دەکەن. لە لوبنان حیزبوڵڵا بەشێکە لە پێکهاتەی سیاسی و حاکمیەتی ئەم وڵاتە و بەبێ کۆماری ئیسلامیش درێژە بە ژیانی سیاسی خۆی ئەدات. بەڵام ئەوەندە کە بۆ کرێکاران و جەماوەری خەڵکی هەژاری ئێران دەگەڕێتەوە، گەمارۆ ئابووریەکان هەم هەژاری پەرەپێداوە و هەم ئیمکانی فریوکاری و مەزلوم نمایی بە کۆماری ئیسلامیی داوە. لەم ڕووەوە گوشارە ئابوورییەکانی ئەمریکا بۆ وادار کردنی کۆماری ئیسلامیی بە سازشێکی دیاریکراو، هۆکاری ئەو ئاڵوگۆڕانە نییە کە ئێمە بە گۆڕانی هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی خەڵک ناوی لێ دەبەین. ناڕەزایەتیی بەرینی مانگی بەفرانباری ڕابردوو لە بارودۆخێکدا رویانداوە کە هێشتا خەبەرێک لە کشانەوەی ئەمریکا لە بەرجام و سزا ئابوورییەکان بۆسەر کۆماری ئیسلامیی نەبوو. قەیرانی ئابووری کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ تەحریمەکانی ئەمریکادا بەدی ناهاتووە و بە لاچوونیشیان چارەسەر نابێت. ناڕەزایەتیی مانگی بەفرانباری ڕابردوو، مانگرتن و بەدوای ئەوەدا خۆپیشاندان و ئاخێزی شارەکانی دیکە لە بارودۆخێکدا ڕوویاندا کە هێشتا تەحریمەکان کارا نەکرا بوون و پێوەندی کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەسەر بنەمای تەوافوقی بەرجام بەرەو پێش دەچوو. لە ڕاستیدا لە مانگی بەفرانباری ڕابردووەوە کۆمەڵگای چووە نێو قۆناغێکی نوێوە. قۆناغێک کە تێیدا خەڵکی ناڕازی چاوترسێنی کردارە سەرکوتگەرانەکانی ڕژیم نابن، هیوایەکیان بە ئیسلاحی




ڕاپۆرتی بەڕێوەچوونی پلینۆمی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٧ لاپەڕە ی ٦



دونیای ئینسانی کۆچبەران و دنیای بێ بەزەیی ترامپ لاپەڕە ی ٣




ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ٢٥ی نۆوامبر ڕۆژی جیهانی خەبات لەگەڵ توندوتیژی لەدژی ژنان ( ٢٠١٨) لاپەڕە ی ٥

Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 399-Nov. 2018

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

## درێژەی : ڕاپۆرتی بەڕێوەچوونی پلینۆمی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٧

سیاسی ڕادیکاڵ و پێشەڕەو و چەند ڕۆژ دواتر کۆبوونەوەی خەڵکی تێکۆشەری شاری سنە لە یەکێک لە پارکەکانی شار و ڕێپێوانی دوایی بۆ ڕێزگرتن لەم گیانبەختکردوانە، لە نمونە بەرچاوەکانی حوزوری خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێشرەودا بوو. بەڵام خاڵی دەروشاوەی خەباتی خەڵکی کوردستان لەم دەورەیەدا وڵامی یەک پارچە و لێیڕاوانەی بوو بە بانگەوازی مانگرتنی گشتی لە لایەن هێزە سیاسیەکانی چالاک لە کوردستانەوە. ئەم حەرەکەتە وڵامێکی لێیڕاوانە بوو دژ بە ئێعدامی زیندانیانی سیاسی ڕامین، زانیار و لوقمان و هەروەها هێرشی موشەکی بۆسەر پێگەکانی هەردوو حیزبی دیموکرات. ئەم حەرەکەتە درەوشاوە، نیشانیدا کە لە کوردستان ئەوە تەنیا هەڵچوونی خێرا و قینێکی پۆنگخواردو نییە کە لەنەکاو هەڵدەچێت. لێرە وشیاری، ئەزمون، سازمان و ڕێبەرییە کە کاردەکات. ئەم حەرەکەتە جارێکی تر نیشانی دا کە کوردستان کۆمەڵگایەکی حیزبییە و لەم بارەیەوە زەرفیەتەکانی ئەم کۆمەڵگایەی بۆ کاریگەری دانان لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی داهاتو لە ئێرانی بە هەموان نیشاندا.

پلینۆم لە درێژەی باسەکانیدا لەسەر ئەولەویەتە دیاریکراوەکان لە پلینۆمەکانی پێشودا سەرلەنوی جەختی کردوە و ڕادەی بەرەو پێشچوون لە بوارە جۆراو جۆرەکانیدا هەڵسەنگاند. ئەم ئەولەویەتانە بە کورتی برتی بوون لە:

پتەوتر کردنی پێگەی کۆمەڵە لە ڕێبەریی خەبات لەدژی ستەمی نەتەوایەتیدا بە پشت بەستن بە " بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداری جەماوەی"، " ستراتیژی کۆمەڵە لە بزوتنەوەی کوردستاندا" دا و پەسند کراوەکانی گۆنگرەی ١٧ ی کۆمەڵە، بەشداری کردنی چالاکانە لە خەباتی ڕۆژانەی جەماوەری دا، شکڵدان بە جەمسەرێکی چەپ و سۆسیالستی لە کوردستان، پەرەدان بە تەشکیلاتی حیزبی بە تایبەت لە کارگا و لە شوێنە کرێکاریەکان، بردنەسەری زەرفیەت و توانایی تەشکیلات بۆ ڕاکێشانی لاوانی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستی چالاک لە زانکۆکان، لە نێو مۆعەلیماندا، لە شوێنە فەرهەنگییە پێشکەوتو و پێشرەوەکاندا، بەهێز کردنی هاوپشتی و وەحدەتی حیزبی لە هەموو ئاستێکدا، پەرەدان بە چالاکیەکانی نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، کەڵک وەرگرتنی باشتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، ئامادەیی پێویست بۆ نواندنی دەورێکی کاریگەر لەئەگەری سەرهەڵدانی هەر بادودۆخێکی نالەباردا.

### ٢ – یەکێک لە ئەولەویەتە دیاری کراوەکان لە پلینۆمی پێشودا هەوڵدان بوو بۆ شکڵدان بە جەمسەرێکی چەپ لە کوردستان.

ئامانج ئەوە بوو کە سەرجەم هەڵسوڕاوانی چەپ و کومونیست لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات کە دەیانەوێ لە زەرفیەتی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا دەور بنوێنن و لە ئێستادا ئەندامی هیچ حیزب و تەشکیلاتێکی سیاسی دیاریکراویش نین یان لەگەڵ سازمانە سیاسیەکانی چالاکی چەپ لە کوردستان، لەسەر پرۆژەیەک کە بە هاوبەشی ئامادە کرابێت، لە دەوری یەک کۆببنەوە و تواناییەکانیان بە شێوازێکی بەرنامە بۆ داندراو، لە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتردا بخەنە گەڕ. لەم پێوەندەدا لە ماوەی نێوان دوو پلینۆمدا، کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هێندێک کاری دیاریکراوی کردوە. بۆ روون کردنەوەی ئامانجەکانی ئەم حەرەکەتە بەزوویی سمینارێک لە دەرەوەی وڵات لەژێر ناوی:" کوردستان، بزوتنەوەی چەپ و ئاڵترناتیوی سۆاسیالیستی"، بەڕێوەدەچێت، نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات ئەم سمینارە ڕێکدەخات. لەم سمینارەدا داوا لە سازمانە چەپ و سۆسیالیست و کەسایەتی و هێزە چالاکە چەپەکان لە کوردستان دەکرێت تا بۆچوونەکانیان لەم بوارەدا لەگەڵ یەکتر بێننە گۆڕێ. لەگەڵ ئەوشدا دواتر چەند گوروپ و سازمانی چالاک لە کوردستان لەوانە کۆمەڵە، سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ڕەوتی سۆسیالیستی کۆمەڵە، شاخەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری- حیکمەتیست، شاخەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران و گوروپی موبارزانی کومونیست، بە هاوبەشی لە دەرەوەی وڵات کۆنفرانسێک هەر بەم ئامانجە بەڕێوە دەبەن و هەوڵ ئەدەن بگەنە بەڵگە و نەخشە عەمەلێکی هاوبەش لەم بوارەدا.

### ٣ – تەشکیلاتی ئاشکرای کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق یەکێک لە مەیدانە گرنگەکانی چالاکی کۆمەڵەیە.

پاراستن و بەهێز کردنی ئەم ناوەندە بەردەوام یەکێک لە ئەولەویەتەکانی ئێمە لە دەورە جۆراو جۆرەکاندا بووە. بەڵام لە هەمان کاتدا لە پلێنۆم جارێکیتر جەخت کرایەوە کە بە حوکمی بارودۆخی عەینی سیاسی، وێڕای بەهێز کردن و پاراستنی سیمای کۆمەڵە وەکوو هێزێکی سیاسیی کە باسکی چەکداری هەیە، بە پێی ئیمکاناتی ئەم دەورەیە، وتنی ئەم ڕاستیەش پێوستە کە ماوەیەکی زۆرە کوردستانی عێراق وەک پشتی جەبهەی چالاکی نیزامی ئێمە بە حیساب نایەت. ئەو حیێزبانەی کە لە دیاری کردنی ستراتێژی نیزامی خۆیاندا ئەم ڕاستیەیان لەبەرچاو نەگرتوە، نە تەنیا دەسکەوتێکیان نەبووە، بەڵکو هەم خۆیان زەربەیان خواردووە و هەم ئیمکانی ئەوەیان داوەتە ڕژیم تەبلیغاتێکی ورە شکێنانە لەنێو بەشێک لە خەڵکی کوردستاندا پەرە پێبدات.

پلینۆم لە بەشی سەبارەت بە ڕاپۆرتی تەشکیلاتیدا، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ڕێبەری کۆمەڵەی لە پێوەند لەگەڵ کاری ئورگانەکانی جێگیر لە هەرێمی کوردستان، چالاکیەکانی کۆمیتەی ڕێکخەری تەشکیلاتی ناوەوەی وڵات، نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات و بڵاوکراوەی پێشرەوی دایە بەر باس و هەڵسەنگاندن و بۆچوون و پێشنیاری جۆراو لە ڕاستای باشتر کردن و بردنە سەرەوەی چەندایەتی و چۆنایەتی چالاکیەکان پێشکەش بە کومیتەی ڕێبەری کران. کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی لە باسەکانی پێوەندیدار بە دابەش کردنی کاری نێوخۆی کومیتەی ناوەندی، کۆمیتە و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلاتی دیاری کرد و بەم جۆرە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

***

**کومیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خەزەڵوەری ١٣٩٧ نۆوامبری ٢٠١٨**

***




## دواستون: ڕیگری لە توند و تیژی دژ بە ژنان

٥٨ساڵ لەمەوبەر لە گەرمەی خەباتی سیاسی خەڵکی وڵاتی "دۆمێنیکەن" لە دژی دیکتاتۆریەتی دەسەڵاتدار بە سەر ئەو وڵاتەدا، ٣ خوشکی ئازا و جەسوور بە ناوەکانی "پاتریا، مینروا،ماریاتێرزا، میرابل"، دوای ئەوەی کە چەندین جار گیران و ئەشکەنجە کران و هەڕەشەی کوشتنیان لێکرا، سەرئەنجام کەوتنە ناو ئاوری تۆڕەیی "ترۆخیلو" دیکتاتۆری ئەو وڵاتە و بە فەرمانی راستەخۆی ئەو، لە کاتێکدا کە لە چاوپێکەوتنی هاوسەرانی زیندانی خۆیان دەگەرانەوە، بە شێوەیەکی درندانە تێرور کران. کەمتر لە ساڵێك دوای ئەم رووداوە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی "دومینیکەن" دیکتاتۆری دەسەڵاتدار لەم وڵاتەی رووخاند.

٢١ ساڵ دواتر لە کۆبوونەوەیەکی پارێزەرانی مافی ژنان کە لە وڵاتانی ئامریکای لاتین لە پێتەختی "کۆلومبیا" بەرێوە چوو، پێشنیار کرا رۆژی گیانبەختکردنی ئەم ژنە شۆرشگێرانە لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ناوی "رۆژی قەدەغە کردنی توند و تیژی دژ بە ژنان" رابگەیێندرێت. سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٩٩ کۆبوونەوەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی بریارنامەیەك رۆژی ٢٥ی مانگی نوامبر رێکەوتی ٤ی مانگی سەرماوەزی وەکوو "رۆژی ریگری کردن لە توند و تیژی دژ بە ژنان" راگەیاند. لەم کاتەوە لەم رۆژەشدا لە سەرتاسەری جیهان ژنان و پیاوانی تێکۆشەر و ئازادیخواز بێزاری خۆیان بەرامبەر بە هەموو جۆرە توند و تیژیەك دژ بە ژنان دەردەبرن.

بنەڕەتی ئەم رەفتارە نامرۆڤانەیە دەرحەق بە نیوەی کومەڵگای ئینسانی دیاردەی "پیاوسالارییە" کە ژن بە مڵکی پیاو دەناسیت. جەوهەری "پیاوسالاری" لە بنەڕەتدا ئەمەیە کە پیاو دەیهەوێت بە هەموو شێوەیەك و لەوانە بە زەبری توندوتیژی ژن کۆنترۆڵ بکات و بیباتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. شێوەی روانین بۆ ژن پێوەندی راستەوخۆی بە جۆری روانین بۆ دەسەڵات هەیە. لە راستیدا جێگە و پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا رەنگدانەوە و پێوانەیەکیشە لە چۆنیەتی دابەش بوونی دەسەڵات. بەم واتایە دەتوانین بڵێین پیاو و توندوتیژی ئاوەڵدوانەی یەك نین، بەڵکوو دەسەڵات و توندوتیژی تەواکەری یەکترن. راگرتنی دەسەڵات بە بێ توندوتیژی ئەویش لە چوارچێوەیەکدا کە سنووری بۆ دانەنرێت لە کۆمەڵگا و لە بنەماڵەدا، بەرێوە ناچێت.

بەڵام توندوتیژی تەنیا یەك جۆر نییە:

لێدان و ئەزییەت و ئازاری جەستەیی کە تەنانەت زۆر جار دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی ژنان، سەرتایی ترین جۆری توندوتیژییە. ئەم دیاردەیە لە وڵاتی بێیاسا و سوننەتیدا نەتەنها ناپەسند نییە و نادرێتە بەر لۆمە، بەڵکوو وەك پێوانەیەك بۆ راگرتنی "رێز" و گەورەیی پیاو و بەرەسمی ناسینی رادەی دەسەڵاتی ئەو بەسەر ژندا دەزانرێت. مەرج نییە کە توند و تیژی بەرانبەر بە ژنان بەردەوام بە لێدان و زەبرو زەنگی فیزیکی نیشان بدرێت. کەم نیین ئە و پیاوانەی لەبەرخۆ بە باڵاتر زانین وبۆ راگرتنی ئەم حاڵەتە رۆحیە لە بەرامبەر ژنەکانیاندا شێوە و تکنیکی دیکەش لە هەڵسوکەوتی رۆژانەدا بە کار دەهێنن. یەکێك لەوانە توندوتیژی دەروونی و رەوانییە. بۆ نموونە، گرینگی نەدان بە قسە و حزووری ژن لە نێو کۆمەڵ دا. کاتێك ژنێك لە نێو کۆمەڵێکدا رشتەی کەلام بە دەستەوە دەگرێت، پیاو بێتاقەت دەبێت و لە سەر جێگاکەی ئارام ناگرێت یان لە سەر کورسییەکەی جموجوڵ دەکات یان دەس دەکات بە خوێندنەوەی نووسراوەیەك و ئەگەر ئەوەش نەکات تماشای ژنەکە ناکات و بەم شێوەیە ئەو بە بچوکتر لەوە دەزانێت کە گوێی بۆ شل بکات. ژن لەمەدا زۆر هەست بە بێقابیل بوون و کەم بایەخی و تەنانەت نائەمنی دەکات. جاری وا هەیە لە جیاتی قسە پێوتن و سووکایەتی، سکوت و بێدەنگی وەکوو چەکێك لە لایەن پیاوەوە بە کار دەبردرێت و کاریگەری دەرونی دەکاتە سەر ژن. بە پێی ئەزموونەکان پیاوان زۆر جار بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی خۆیان لەم ئامرازە کەڵکی باشتر وەردەگرن تا زەبرو زەنگ. مەتەڵەك وتن و نەوعێك لە لێدوان و قسە کردن کە دەبێتە هۆی ئازاری رۆحی و سووکایەتی کردن بە ژنان یان گاڵتە کردن بە ژن لە کاتی ئەنجامدانی کارێك کە "ژنانە" نییە وەك کاروباری تەکنیکی کە بە کارێکی پیاوانە لە قەڵەم دەدرێت. یان شاردنەوەی نهێنی و ئەسرار لە ژن. بێباوەڕییەکی تەواو لەمەدا زەق دەبێتەوە. زۆرێك لە پیاوان گرینگترین بریارە کانی ژیانیان بەبێ ئاگادار بوونی ژنەکەیان عەمەلی دەکەن. سوننەتی پیاو مەزنی عەقڵیەتی ژن بە گشتی بۆ بریاردان و حوکم برینەوە بە لاواز و کەم و کورت دەزانێ.

جنێودان، هەڕەشە کردن، خستنە ژێر چاوەدێری، خانەگومانی کردن و مەحدود کردنەوەی ژن لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، بێمبالاتی بە هەست و خواستی ژن لە هەموو بوارەکاندا و دابین نە کردنی نیازە کانی عاتیفی ژن لە لایەن پیاوەوە، ئە وانە هە مووی دەبنە هۆی فشاری رۆحی بۆ سەر ژن. بە گشتی دەتوانین بلیین کاریگەری توندوتیژی دەروونی قووڵتر و درێژخایەنترە.

هەڕەشەی کوشتنی ژن یان خود کەسێکی بنەماڵەکەی، جنێو، گاڵتە کردن، مۆڵەت نەدان بۆ بینینی خزم و کەسەکانی و هەروەها زیندانی کردنی ژن لە ماڵدا. ئەو شێوەیە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هەستی خۆ وێران کردن، هەڵاتن لە بەشداریی کۆمەڵایەتی و درووست بوونی دڵەڕاوکێ لە ژندا.

بەکارهێنانی هێزی لە رادەبەدەری سێکس بە بێ خواستی ژن، پێوەندی سێکسیی ناسروشتی و بە زۆرەملێ، بەرگری لە بە کارهێنانی ئامرازی پێش گرتن لە دووگیان بوونی لە ناکاو و نەخوازراو، سەرنج نەدان بە پێویستیە سێکسیەکانی ژن لە خاڵە جۆراوجۆرەکانی بەرچاوی ئەم جۆرە توندوتیژییەیە.

دەست درێژی جنسی بەرامبەر بە ژنانی کارمەند و کرێکار لەلایەن کاربەدەستان و کارفەرماکانەوە کە زۆربەی وەختەکان لە بەر مەترسی دەرکردن لەسەر کار و بێکار بوون و هەروەها بێئابرِوو بوون بێدەنگی لێدەکرێت و قەت بەو رادەیەی کە روو دەدات دەرناکەوێت. توندوتیژی جنسی دژ بە ژن زۆربەی جارەکان بە پەنامەکی و دوور لە چاوی ئەم و ئەو روو دەدات. لە دەست درێژی جنسیدا شەرم دەبێتە هۆی شاردنەوەی. ئاشکرایە لە هەل و مەرجێکی ئەوتۆ دا پەنای دەبرێتە بەرخۆکوشتن و خۆسوتاندن، وەك رێگایەك بۆ دەربازبوون لە دۆزەخێك بە نێوی ژیان کە بۆیان خوڵقاوە.

توندوتیژی سیاسی لە کۆمەڵگادا بنەمای هەموو توندوتیژیەك پتەو دەکات و دەبێتە هۆی نەهادینە بوونیان، چونکە دەوڵەت لە رێگای لە بەرچاو نەگرتنی مافی ژنان لە دارشتنی یاسادا، ئەسڵی نابەرابەر بوونی مافی ژن و پیاو دەکاتە قانونی و رێگا بۆ بە دەسەڵات نەگەیشتنی ژنان یان رێگا پێنەدانیان لە زۆربەری بوارە کومەڵایەتی، سیاسی و پیشەییەکاندا خۆش دەکات. لەو چەشنە رژیمانەدا داکۆکی کردن و پشتیوانی دەرمانی و دەروونی و خزمەتگوزاری لەو کەسانەی کە قوربانی توند وتیژین جێگایەکی لە پرۆژە و ئەرکەکانی حکومەتدا بەرامبەر بە هاوولاتیان نییە و تەنانەت زۆربەی جارەکانیش ژنانی زوڵم لێکراو نەك وەکوو قوربانی بەڵکو وەکو خەتابار و تاوانکار دەناسرێن. ئەو هەموو ژن کوشتنە لەلایەن برا و باوك و مێردەوە بە ناو دیفاع لە شەرەف و نامووس نیشاندەری ئەم راستییەیە و دەوڵەت و فەرهەنگی پیاوسالارانە پێکەوە دیواری زیندانی ژیان بۆ ژنان بە چەند قات بەرزتر دەکەنەوە.توند و تیژی شاراوە زۆر جار لە تەمەنی منالێیەوە لە ناخی ژنان دا چرۆی کردووە تا کۆتایی تەمەن کاڵ نابێتەوە، لە راستی دا توند و تیژی بە دژی ژنان وەک نەخۆشیەکی کۆمەلایەتی و کلتوری بە ئەژمار دێ کە ئەگەر بە وردی رۆ بچینە ناخیەوە، دەبینین کە زۆربەی هەرە زۆری تاکەکانی کۆمەڵگا بە دەستیەوە دەناڵێنن. ئەم نەخۆشیە بە بێ ئەوەی کە خۆمان ئاگادار بین بۆتە بەشێک لە ژیانی رۆژانەمان و خوومان پێ گرتووە و شیوازی بیرکردنەوەمانی خستۆتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

هەمووی ئەوانە کە باس کرا بە واتایە ئەوە نییە کە کۆمەڵگای بەشەری بە تایبەت لە سەدەی بیستەم و تا ئەورۆ بەرانبەر بەو بێ مافی و نامرۆڤایەتییە بێدەنگ بووە. ژنان لە سەد و ٥٠ ساڵی رابردوودا بەردەوام لە خەبات و بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو دیاردەیەدا بوون. لە گەلێك لە وڵاتەکاندا دەوڵەتەکانیان ناچار لە پاشەکشە کردووە و بە یاسا پێشی تووندوتیژی دژ بە ژنانیان گرتووە. سونەت و شەریعەت و داب و نەریتیش لە پەلاماری خەباتی عادلانەی ژنان بۆ یەکسانی بێ بەش نەبووە. بەڵام ئەوە خەباتێکە کە بە تایبەت لە وڵاتگەلێکی وەکوو وڵاتی ئێمە بەردەوامە. هەر ئەوەی کە ژنان لە گەڵ گیر و گرفتەکانی سەر رێگای ژیانیان بەربەرەکانێ دەکەن، خۆی لە خۆدا بروا بە خۆ و جەسارەتیان پێ دەبەخشێ. لە ساڵهاتی ٢٥ی نۆوامبر رۆژی رێگرتن لە تووندوتیژی دژ بە ژناندا رێز دەگرین لە یاد و بیرەوەری خوشکانی میرابێل و هەموو ئەو ژنانەی کە لەو مەیدانەی خەبات و خۆراگرییەدا گیانیان بەخت کردووە.

***